سەید حەکیم وەرای ئاستەنگە ئابوورییەکان گەشبینی خۆی بە داهاتووی عێراق دەربڕێت

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەردانی میوانخانەی شێخ محەمەد کلحی [illegible]کانی کرد و لەوێ چاوی مەوت بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی دهۆك کەوت و لەم دیدارە باسی پەیوەندی مێژوویی خانەوادەی حەکیم و گەلی کوردستان کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆرییەت و گوتیشی ئێستا پاش گۆڕە بەکۆمەڵەکان و کارەساتی هەڵەبجە و خەڵکەکە ئازادە و بەشکۆ و کەرامەتەوە ژیان بەسەر دەبات پاش ئەوەی دیکتاتۆرییەت بە هەتاهەتایی ڕۆیشت، گوتیشی پێویستە هەمیشی پەیوەندی نێوان ڕێبەرەکانی ئەو گەلە بەکوردستانیش پتەو بێت، بەرپرسیاریتی هەڵبگرن.

بەڕێزیان ڕایگەیاند کە کێشە هەر دەبێت و ڕەنگە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا ئاسایی دەرکەوێت، هەروەها ناکۆکی شەرمەزاری نییە؛ بەڵکو شەرمەزارییەکە لە بێتوانایی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندایە،گوتیشی دەستوور بەڵگەنامەیەکی نیشتیمانییە کە هەموو عێراقییەکان لەسەری ڕێککەوتوون، هەروەها داوای گەڕانەوەی بۆ دەستوور کرد لە کاتی ناکۆکییەکان لەگەڵ پەنا بردن بۆ دادگای فیدراڵی بۆ لێکدانەوەی کرد، جەختیشی کردەوە لەسەر پتەوکردنی متمانە لە نێوان هەموو لایەنەکان، ئاماژەی بەوەشکرد، قۆناغی ئێستا یەکێکە لە حوکمڕانی عێراقییەکان.

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق تەنیا دەتوانرێت بەراورد بکرێت بە خۆی، وە دۆخی ئێستا بەراورد دەکرێت بەو دۆخەی پێشتر هاتووە،هەروەها ستایشی هەوڵەکانی گەلی عێراقی کرد لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان و پابەندبوون بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و سازان و نیشاندانی نەرمی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا.

سەید حەکیم گەشبینی خۆی بە داهاتووی عێراق دەربڕی سەرەڕای سەختی دۆخی ئابووری، چونکە شەڕی ئێستا بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو جیهان ناتوانرێت درێژبکرێتەوە. داوای کرد وانە لە قەیرانی ئێستا وەربگرین لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردن لە ڕێگەی تۆڕێکی بەرییەوە بۆ دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست، هەروەها لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی ئابووری لە ڕێگەی بوژاندنەوەی کەرتە بەرهەمدارەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان، و تەکنەلۆژیای مۆدێرن. هەروەها داوای پاشەکەوتکردنی داهاتی نەوتی کرد بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و نەوەکانی داهاتوو...